# دابەشبوون، ڕێگەیەك بۆ ڕزگار بوون لە زەلكاوی عێراق

**سالار بابەشێخ**
Salar_hisami@yahoo.com

لەم ماوەیەدا ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لە کاتی گفتوگۆکردن لەمەڕ بڕیاردان لە سەر لیستی فیسکال، بەزۆرینەی دەنگ واتە بە 75 دەنگ بەرامبەر بە 23 دەنگ پشتیوانی لە پێشنیاری سیناتۆرێکی خۆی کرد. پێشنیارەکە کە لە لایەن سیناتۆر "جۆزێف بایدن"ەوە ئاراستەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا کراوەو لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ هیچ ناتەبایییەکی نییەو بانگەشەیەکە بۆ سەقامگیری سیاسی لە سەر بنەمای سیستەمی فیدراڵی، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە قەیرانێکی سیاسی دەرباز بکات، ئەگەری ئەوەی هەیە واز لەو نەرمە پاڵپشتییەش بێنێت کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەندێکجار بەرامبەر بە دۆزی کورد نواندوویەتی!! بۆیە هەتا بڕیاردان لە سەر چارەنووسی گەلانی عێراق، بکەوێتە سەر مێزی زلهێزێکی جیهانەوە، ناکرێت بەوە دڵخۆش بین کە نەتەوەی کەونارای ئێمەی کوردیش، بە هەموو مافەکانی دەگات، یان بە مافە زەوت کراوەکانی شاد دەبێتەوە..!!

بێگومان هەتا دەستتێوەردانەکانی وڵاتانی دەوروبەر بەردەوام بێت، هەتا مامەخەمەی نیەت ناپاك، دۆستی دیپلۆماسی عێراق بێت، گەلانی عێراق بە شێعە و سوننە و بە باشووری کوردستانیشەوە، لەم زەلکاوەی عێراق تێی کەوتووە ڕزگاریان نابێت. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دان بەوەدا بنێن کە کورد فاکتەرێکی سەرەکی و بێ ئەملاو ئەولای هێور کردنەوەی باری سیاسی عێراقە. هەتا هەنووکەش بە هەزاران خانەوادەی ئاوارەی تۆقاوی شەڕی تائیفی عێراق، لە سەرجەم شارەکانی ناوەند و باشووری عێراقەوە پەنایان بۆ کوردستانێکی ئارام هێناوە. میوانداری کورد و پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجانی نەتەوەکانی دانیشتووی کوردستان بە هەموو ئایین و ئایینزاکانیانەوە، نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەوەی ڕای گشتی و سیاسەتی جیهانی، دان بەوەدا بنێت کە حکومەتی کوردی و بە دەوڵەتبوونی کورد، نەك تەنها وەزنەیەکی قورس و بەرچاوە بۆ سەقامگیری ڕەوشی سیاسی عێراق، بەڵکو دەبێتە نموونەیەکی سەرمەشق بۆ هەموو وڵاتانی داپڵۆسێنەری ناوچەکەش، بەڵام بە داخەوە بڕیاربەدەستان، دان بەم واقیعە سیاسییەدا نانێن و ڕۆژانە کۆسپ و لەمپەری گەورەتری بۆ سازدەکەن .

دەستووری هەمیشەیی عێراق کە پتر لە 80٪ی دانیشتووانی عێراق دەنگیان پێداوە، ڕێگەی بەوە داوە عێراقێکی فیدراڵ دابمەزرێت و (نەوت)ەکەشی بە یەکسانی لە نێوان هەرێمەکانیدا دابەش بکرێت، لەم دەستوورەدا جەخت لە سەر جێبەجێکردنی مادەی 140 کراوە، ئەمەش تەنها کلیلی کردنەوەی دەرگەی کێشە سیاسییەکانی عێراقە و ترس و دڵەڕاوکێی وڵاتانی دەوروبەر و داگیرکەرانی کەرتەکانی تری کوردستانیش، لە مەڕ ئەم هاوکێشە سیاسییە، ترسێکی بێ بنەماو بێهوودەیە. ئەوان لە جیاتی ئەوەی یارمەتی ملیشیا و تیرۆریزم بکەن و ڕێبەرایەتی کردەوە تیرۆریستییەکانی نێو عێراق بکەن، وا باشترە سیستەمی دیکتاتۆری و ناسیونالیزمی دینی و نەتەوەیی بەرچاو تەنگی خۆیان بگۆڕن، چونکە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسەتی جیهانی سەلماندوویە کە ئەم چاخە، سەردەمی داڕووخانی دیکتاتۆرییەکانە و تەمەنی سەرەڕۆیی زۆر کورتە .

ئەگەر چی ڕێگە نەدان بە کورد بۆ دامەزرانی دەوڵەت و سەربەخۆیی سیاسی، غەدرێکە و جارێکی تر لە کورد دەکرێت، بەڵام ڕێبەرایەتی سیاسی کورد لە باشووری وڵاتەکەمان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە کێشەکانی کورد لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسی و پەیوەندی دیپلۆماسییەوە چارەسەر دەکرێت، ئەمەش وێڕای ئەوەی کە دەوڵەتانی نەیاری ئەم دەسەڵاتە کوردییە، بە دەستتێوەردان و خۆتێهەڵقورتاندن و هەڕەشە و گوڕەشە و دان پیشاندان و تۆپباران کردنی سنوورەکانیشمانەوە ناوەستن و بەردەوام لە دژی ئەم نیمچە دەسەڵاتە خۆماڵییەی کورد لە پیلانگێڕاندان. دوژمنانی دۆزی سیاسی کورد، هەموو ئامانجێکیان ئەوەیە عێراق پارچە پارچە نەبێت، بۆ ئەوەی پشکی کورد هەر شەڕ وماڵوێرانی بێت، بەڵام کاڵفامترین مرۆڤی سیاسی دەزانێت کە پەسەند کردن و چەسپاندنی فیدرالیزم لە عێراق، تەنها ڕێگایەکە کە دەتوانێت ڕێگە لە پارچە بوون و هەڵوەشانەوەی عێراق بگرێت. کەواتە ئەگەر مەترسییەك لە هەڵوەشاندنەوەی عێراقدا هەیە ئەوەیە کە کار بە دەستووری عێراقی نەکرێت، ئەو کاتەیە کە بشێوی دروست دەبێت و کوردیش حەقی خۆیەتی خۆی لەو ڕەوتە ئاڵۆزە دەرباز بکات و سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیێنێ .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شەقامی کوردی نابێت چاوەڕوانی راپۆرتەکانی هامیلتۆن و جۆزێف بایدن و سام براون و.. و....فلاّن و فیسار بکات، بەڵکو پێویستە شانبەشانی دەسەلآتی کوردی، کۆشکی سپی ناچار بکات کە بە بەڵێنەکانی پابەند بمێنێت و جارێکی تر کورد نەکرێتە قوربانی سات و سەوداکانی سیاسی .

رزگار کردنی عێراقیش لەم قەیرانە سیاسییەی کە بە "زەلکاوەی عێراق" ناسراوە، بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا چارەسەر ناکرێت، نموونەی بەرچاو هەیە لەمبارەیەوە، دوابەدوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە بەسرەو دەوروبەری، ئەم دەڤەرە بوو بە مۆڵگەی شیعە توندڕەوەکان. سەرچاوەکانی داهاتی ئەمشارە ئەگەر بکەوێتە دەست تاقمێکی دووجرتەکی و توندڕەو، هەموو ئاسایشی ناوچەکە و داهاتووی سیاسی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە پێویستە نەك ئەمریکا و بەریتانیا، بەڵکو هێزی سەربازی ولاّتانی تر و هێزەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە عێراقدا ئامادە بن، هەتا دوای دابەشکردنی عێراق لە سەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی عێراق و سیستەمی فیدراڵی، چاودێری سەرچاوەکانی داهاتی ئەم ولاّتە بکەن، هەتا بە یەکسانی داهاتە نەوتییەکان دابەش بکرێت و سوننەی عێراقیش خۆیان بە مەغدوور نەزانن .